هێرشی خێوەکان

تۆ چ زوو سروودی تاقانەی منت سەربڕی..؟

تۆ لەوەدا کۆڵنەدەری کە لە پەرت کردنی درۆکانت..

دروشمی عەمبارەپۆ وەڕس نابیت ..!

بۆ هەر کوێ بچیت خەونی زەرد و سووری سەرهەڵدانەوەی

شۆڕشی مەحاڵا لە دوای خۆتەوە دەچێنی

تراویلکەکانی بیابانمان لێدەکەی بە ئاو و کانی

هاوار دەکەی: منیش وەك ئێوە شوانی بەرخەل بووم

هەنووکەش مێگەلێك لە پیاوی خەسیوو گرگن

شەوانە شەهوەت و شەراب لە لێوانتەوە لیك دەکا و ..

دەڕژێتە سەر مێزێکی مەڕمەڕ .. قەڵەباڵغ بە کاغەزی ..

قومار و .. سەفتەی دیناره دەق نەشکاوەکان

جانتا دیبلۆماسییەکەی دەستت لەبری پڕۆژە

پڕن لە پیلانە رەش و پەی پێنەبراوەکان

بە رۆژ بۆ فریوی من و ئەو هەردوو دەستەکانت بۆ ئاسمان

هەڵدەبڕی ..

شەوانیش هەردوو قاچی لەشفرۆشێکی لەبرسامردوو..

دەفتەرە چکۆلانەکەی بەرباخەڵت پڕە لە ژمارەی تەلەفوونی ..

ئەو کچۆڵانەی هێشتا نۆرەیان نەهاتووە بە دەوری ..

مێزەکەت دا.. ماندوو نەبن لە سەما و سووڕدان

تۆ بۆ ئەوە هاتیت .. لەو دوورەوە .. لە سەر قەڵا و قوللەی ..

کۆشکەکانتەوە

لەو دیو ژووری شووشەبەندی بالکۆنەکانەوە ..

دروشم و درۆ لە کتێبان قەرز بکەیت و ..

وەك شەکرۆکە بۆمانی هەڵدەی تا بیگرینەوە..

هەر جارە و بە ماشێنێکی دوا مۆدێل شاهانە ..

بە شەقامە پیسەکان دا تیژ تێپەڕیت

منالە پێخاوسەکانمان، رووت و ڕەجالا ، وەك ناوکی

نەبڕاوی بێچووە پشیلەکان بە دوای خۆتەوە رابکێشیت

دریغی ناکەی .. .. بەقەد ژمارەی شەهیدەکانت..

قاپی ویسکی و شامپانیا و کۆنیاك ریز دەکەی

هەر پێکێك و لە چاوی شەهیدێك هەڵدەدەی

تۆ چەندە ئەمەکداری ..

شەوانە کە مڕ و مەست دەبیت بە دزییەوە سەردانی ..

ژنە زۆر تەنیا و جیماوەکانیان دەکەیت

میهری خۆتە و حەز ناکەی منالەکانیان لەخەو ..

راچەنن..!

حیکمەتی تێکۆشانە .. دەبوو ئەوان بمرن

تا تۆ پتر و پتر تێبگوشیت ..!

تۆ لەوێوە هاتووی .. لە مەملەکەتی مەرگەوە ..

بە لەشکرێك لە دەرد و درم و ... تاعوونەوە

بۆ هەر پرسە و .. زەماوەندێك : دەمامکێکت لەسەرە

بۆ هەر بۆنەیەك جەلجەلووتێکت ئەزبەرە

هۆ شۆڕەسواری شۆڕشی مردووان

پێم ناڵێی لە ژێر ئەو سەدەها دەمامکەوە

من چۆن چۆنی تۆ بناسمەوە ..؟

1996